# جەعفەری" با نەڵێین ڕەحمەت لە سەدام

پەیمان قاسم محەمەد

جارێکی ترو ڕۆژگارێکی تر.. ئەمجارەیان هاوپەیمانەکانمان (!) ئەیانەوێ هەمان مەهزەلە بەسەر گەلی کورددا بهێننەوە" خۆ جارێ ڕێککەوتننامەکەی جەزایر وەك نمونەیەك لەبۆ هاوپەیمانەکان هەر باس دەکرێتەوە!..

دوێنێ پێمان خستە ناو جیهانی دیموکراسییەتەوە، ئەمڕۆ لەبری ئەو دیموکراسییەتە، دیکتاتۆرییەت پەیڕەو دەکرێت.. ئاخۆ مانای دیموکراسییەت ئەوەندە گرانە کەس لێی تێنەگات؟! یاخود ڕوون و ئاشکرایەو داتای بەرژەوەندی و فەلسەفەی خۆگێلکردن ماناکەی قورس دەکاتەوە!.

ئەو شتە سەیرەی ئەمڕۆ لەعێراقی بەناو فیدراڵ و دیموکراسیدا گەلی کورد بەتایبەت و گەلانی تری عێراقی تووشی دڵەڕاوکێ و دوودڵی و گومان کردووە، کردەوەکانی (ئیبراهیم جەعفەری)ی سەرەك وەزیرانە.. لەیەکەم هەنگاوی ئەم مرۆڤە بەڕووکەش دیموکراتخوازەدا، بۆنی دیکتاتۆرییەتی لێدێت، ئەوکاتەی سوێندی خوارد بەوەی کە فیدراڵییەت بوونی نییەو دانی پێدانانرێ، چمکێکی ناخی خۆی دەربڕی.. ئەو کاتەشی ماددەی (58)ی خستە پەراوێزی جێبەجێکردنەوەو ویستی ئاسەواری کوردو زمانی کوردی لەکەرکوکی هەمیشە کوردستانییدا بسڕێتەوەو بەئارەزووی عەرەبچییانەی خۆی لەوشارەدا بێنەو بەردە بکات، دیمەنێکی تری شانۆییە تراژیدییەکەی خۆی نمایشکرد!!. تۆ بڵێی ئەم هەموو کردەوانە لەدەستوری دیموکراسییەتدا نووسرابێت، کە پەیڕەوکردنیشی بەدوادا بێت؟! یاخود هاوپەیمانێتیی نێوان کوردو شیعە ئەوەندە سووك و بێبایەخ بێت، کە بەگاڵتەجاڕییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئیمزای بەڵێنەکانیان تەنها مەرەکەب بێت بەسەر کاغەزەوە.. سوێندیشیان لەپاڵدا خواردبێت، کە تەنها بەڵێنیان بە دەم بێت نەك کردار.. ئەدی باشە ئەم گەلەی لەمەڕ ئێمە (کورد) چ تاوانێکی بۆ مرۆڤایەتی هەبووە، کە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی ناپاکی دەرهەق

**دەکرێت؟! لەبەرئەوەی کوردین و ئازادیخوازین؟ یاخود دەبێ ئەوە بێت، کە خەباتەکەمان دوای دەیەها ساڵ جێگای خۆی گرتووەتەوە تانەی سەرچاوانی ئەوانی دروستکردووەو هاکا کوێری کردن، جا خۆ سەرکەوتن لەژیاندا لەهیچ نەتەوەو کەمایەتییەك بەند نەکراوەو ڕێگەی لێناگیرێت! بەڵام وشەی هاوپەیمانێتی مانای گەورەو گرنگی هەیەو پێویستە بەناوەڕۆك تەماشای بکرێت و پەیڕەو بکرێت نەك بەڕووکەش لێی بڕوانرێت (بێگومان ئێمەی کورد هەمیشە بەڵێنی خۆمان بەسەر بردووەو هاوپەیمانێتیمان بەپیرۆز تەماشا کردووەو لەبەرامبەریشدا هەمیشە گۆڵمان لێکراوە!).**

**کورد دەڵێت: "دەوران دەوڵەتت لەدەست ئەسێنێ، تەنها ناوی چاکە تا سەر ئەمێنێ"، بۆیە پێویستە مرۆڤ لەهەر پایەو دەسەڵاتێکدا بوو، گوێ گران نەبێت و چاوانیشی لەئاستی داوای ڕەواو بەڵێندا نەخاتە خوار؟.. کردەوەکانی ئاغای جەعفەری بەو ئاقارەماندا دەبات، کە پێشینان گوتەنی بڵێین:"میمکە مەنعی من ئەکا، بەخۆی وشکە ڕن ئەکا"" ئەوەتا جەنابی سەرۆك وەزیران تا دوێنێ دووژمنی چەوساندنەوەو دیکاتۆرییەت و تاکگەرایی بوو، کەچی ئەوڕۆش، کە کورسییە پان و بەرینە ڕەونەقدارەکەی سەدامی خستە ژێر، خۆی بیرچووەو بەکردارو گفتە ناشیرینەکانی تەنها ئەوەی بۆ هێشتووینەتەوە، کە بڵێین: ڕەحمەت لە سەدام!!.**